

# تیرۆریزم و مارکسیزم

لیۆن ترۆتسکی

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:ناسر حەقپەرەست

دوژمنــە چــینایەتییەکانی ئێمــە واڕاهــاتون کــە گلــەیی وشکایەت لـەتیرۆزیزمی ئێمە بکـەن، ئەوەیـە کـە مەبەسـتیان ناڕوونە، ئەوان مەیلیان وایە هەموو عەمـەلیاتێکی پرۆلێتاریـا لە دژی بەرژەوەندی دوژمنە چینایەتییەکانی خۆیان، مـۆرکی تیرۆزیرمـی پێـوە بلکێـنن، لـەڕوانگـەی ئەوانـەوە، مـانگرتن یەکێکە لەشێوە سەرەکییەکانی تیرۆریـزم، هەڕەشـەکردن بـۆ مـانگرتن، ڕێکخسـتنی مـانگرتنێکی ناڕەزایـەتی خسـتنە ژێـر گوشاری ئابوری بەڕێوەبەرێکی چەوسێنەر، گۆشاری ئەخلاقی خەیانەتکارێکی ناوریزەکانی خۆمـان، بـەتیرۆریزم ناودەبـەن، ئەگـەر تێگەیشـتن لـەتیرۆریزم بـەمانای پرۆسـە یـەك بێـت کەترس دەخولقێنێت، ، یان لەتەە لـە دوژمـن دەدا، کەوایـە بەمشێوەیە هەڵبەت هەموو خەباتی چینایەتی شتێك نییە بێجگە لەتیرۆریزم، تـەنیا ئـەو پرسـیارە دەمێنێتـەوە، کـە ئایاهـەموو ئامرازێکی دەوڵەتی بورژوازی و یاساکانی، پۆلیس و سـوپا ، بێجگە لە ئامرازەکانی تیرۆری سەرمایەداری شتێکی ترە؟ ئایا بە ئاوا ئامرازگەلێکی تیرۆرەوە سیاسەتمەدارانی بـورژوا، کـە باس لە ناڕەزایەتی ئـەخلاقی دەکـەن، مـافی مـەحکومکردنی تیرۆریزمی پرۆلێتارییایان هەیە؟ بەهەر حاڵ دەبێ ئەوەشی پێوە زیادکەین کە کاتێـك ئـەوان باسـی تیرۆریـزم دێننـەگۆڕێ، هەوڵـدەدەن، هەڵپـەی نـەك هەمیشـە ئاگاهانـە مانایـەکی ناڕاستەوخۆتر و گشتی تـر بـەم وشـەیە " تیرۆریـزم" بـدەن، لەڕوانگەی ئەوانەوە بۆ وێنە لەکارخستنی ئامرازێکی کار لە کارخانەیەکدا لەلایەن کرێکارانەوە، بەمانا گشتییەکەی ئـەو تیرۆیزمە ، بەلاّم لەڕاستیدا کوشتنی خاوەنکارێك ، هەڕەشەی ئاگربەردانی کارخانەیەك، هەڕەشـەکردن لـە گیـانی خـاوەن کارخانەیەك، کوشتنی وەزیرکی دەوڵـەت بەچـەك، کـردەوە تیرۆیستییەکان بەمانای تەواو و واقعی ئەوە، لەکەس شـاراوە نییە کە سۆسیال دیموکراسی نێو نەتەوەیی هەمیشە نـەیارێکی لێبراو و توندی ئەوجۆرە تیرۆریزمەیە، بە " تیرۆریزم" کردنی " دەوڵەت" لەڕێگای هەڕەشەی مانگرتنێك و یان ڕێکخستنی مانگرتنێـك کردەوەیەکـە تـەنیا لـە توانـایی کرێکـارانی پیشەییەدایە ، گرنگـی کۆمەڵایـەتی مانگرتنێـك پەیوەنـدەی ڕاستەوخۆی هەیە بە : یەکەم گەورەیی کارخانە، یـا بەشـێك لەو کە کەوتۆتە ژێرکاریگەری مـانگرتن و دووەهـەم پلـەی ڕێکخراوبـوون نـەزم و ئامـادەیی کـردەوەی کرێکـارانی دەرگیری لە مانگرتندا، ئەو هۆکارانە هەربەو رادیەی کە بۆ رادەی مانگرتنی ئابوری ڕاستە کە بـۆ مـانگرتنێکی سیاسـی، مانگرتن وەك شـێوەیەکی خەباتکارانـە سەرچـاوە لـە ڕۆڵـی بارهێنان وسازەندەی پرۆلێتاریا لە کۆمەڵدا دەگێرێت.

بەکـەم گرتنـی ڕۆڵـی جـەماوەر سیسـتی سـەرمایەداری بەمەبەستی گەشـەی خۆیـان، پێویسـتان بـەدوو بـەناوی پەرلـەمانی هەیە، بەلاّم لەوێوە کـە توانـایی ئـەوەی نییـە پرۆلتیاریـا بـۆ ماوەیـەکی درێژخایـەن پـرژو بـلاّو لـە گێرژاوی سیاسـید اراگـرێ ، ڕەنگە زوو ناچار بەبەشداری دانیـان لـە ڕەوەنـدی هەڵبژاردنـەکانی پەرلـەماندا دەبێ، لـە هەڵبژاردنـەکانیش هەروەك مانگرتن تایبەتمەندییە جەماوەرییەکانی پرۆلیتاریـا و ئاستی گەشـەی سیاسـی ئـەو تایبەتمەندیانەکە لەلایەن ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و تایبەتی پێگـەی بەرهەمهێنەر و هەڵگری ئـەو دیاریـدەکرێ، خۆیـان دردەخەن کرێکارانی هۆشیار و ڕیکخـراو لـە هەڵبژاردنەکانیشـدا بەشـداریدەکەن، هـەروەك مانگرتنێـك، لەهەڵبژاردنیشـدا شـێوەکار، ئامـانج و ئاکـامی خەباتی پرۆلتیاریا پەیوەندیدارە بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و هێـزی

> **لێگەڕێن با پێغەمبەرانی ئانارشیست بە هەر ڕادەیەك دەیانەوێ لەسەر کاریگەرییەکانی کردەوەی تیرۆریستی بۆ بردنە سەرێی هۆشیاری جەماوەر و هەڵخەتاندنی ئەوان چیرۆك بهۆننەوە**

ئەو وەك چینێك، تەنیا كرێكارانی سەنعەتین" پیشەسازین" كە توانای رێكخستنی مانگرتنیان هەیە، هەڵبەت كرێكارانی لۆمپەك، ئەو سەنعەت گەرایانەی كە بەهۆی دامەزراندنی كارخانەكان كاری خۆیان لەدەستداوە، وەرزێرانێك كە پێیان وایە كارخانەكان ئاوی خواردنەوەی ئەوان پیس وەمەسموم دەكەن، كەسانێك كە بەشوێن خراپكاری و چەپەڵكارییەوەن بەئاسانی دەتوانن كەرەسەی كارخانەكان نابوودەكەن و كاراخانە ئاگردەی و خاوەن كارخانەش بكوژن (ئەوانە شێوەكاری خەباتی كرێكاری نییە) . بۆ كوشتنی مقامێكی پایەبەرزی دەوڵەتی پێویستیەك بە جەماوەری رێكخراو نییە، دەستوركاری ئامادەكردنی مەودای تەقینەوە لەبەردەستی سەركەوتوانەی تیرۆریستی لەهەلومەرجێكی تایبەتی سیاسیدا چینی دەسەلآتدار توشی سەرلێشێواوی و ئالۆزی بكا، بەلآم ئەو ئالۆزییە لەسیستمدا كورتی ماوە دەبێ ، دەولەتی سەرمایەداری بە وەزیرەكانی دەوڵەتە پشت ئەستور نییە و بە كوشتنی ئەوانیشەوە لەناوناچێ ، چینێكە كە دەوڵەتی سەرمایەداری لە خزمەتدایە ، هەمیشە توانایی ئەوەی هەیە كەموچەخوری نوی پەیدابكا، میكانیزمی سیستم خەسارنەدیتوو دەمێنێتەوە و كارەكانی پێشوەی درێژەپێدەرا، بەلآم كردەوە تیرۆریستییەكان كاریگەریگەلێكی نێگەتیڤی قولّی لەسەر پایەكانی جەماوەری كرێكاریش دەبێ، ئەگەر هەرئەوەبەسە كە كەسێكی چەك بەدەست، بتوانی ئامانجەكانی

**دەوڵەتی سەرمایەداری لەهەر سەردەمێكدا نیشانیداوە كە ئامرازی سەركوتكردنو نابودی فیزیكی ئەو بەهێزترە لە ئامرازی تیرۆریستی گروهە تیرۆریستیەكان،**

هەموان دا هەیە و بەروونیش لەهەرشوێنێك دەسدەكەوێ ، بابەتی یەكەم(واتە رێكخستنی مانگرتن و بەشداری هەڵبژاردنەكان) خەباتێكی كۆمەلآیەتی (سیاسی)یە كەشێوەو ئامرازی كارەكەی وەك پێویست لە خودی نەزمی كۆمەلآیەتی لە گۆرێدا سەرهەلّدەدا، بەلآم بابەتی دووەم: ( واتە كردەوەی تیرۆریستی) كردەیەكی میكانیكی زیاتر نییە كەلە سەرانسەری جیهاندا شكلێكی هەیە، لە چینەوە تافەرانسە لەشكلی روالەتییەكەیدا زۆر هەلّخە لەتیرینەرانەیە(كوشتار ، تەقینەوە،....) بەلآم لەراستیدا بە تەواوەتی بی خەسار بۆ سیستی كۆمەلآیەتی ، تەنانەت مانگرتنێكی زۆر هێدیش ئاكامی گرینگی كۆمەلآیەتی هەیە، بەهێزتركردنی باوەربەخۆبونی كرێكاران ، گەشەی یەكێتییە كرێكارییەكان، لەحالێكدا كە كوشتنی خاوەن كارخانەیەك جەوو فەزاكە پولیسی تر دەكا و یا دەنا دەبێتە هۆی گۆرین یا گۆران لەخاوەنانی كارخانەدا كە هیچ بەهایەكی كۆمەلآیەتی نییە، لەوانەیە تەنانەت كردەوەیەكی بەئاكام بگەیێ، كەواتە چ هۆكارێك بۆ خەباتی چینایەتی هەیە؟ ئەگەر هێندێك باروێ و كوتە قورقوشمێك بۆ نابودی دوژمن بەسە، چ پێویستییەك بۆرێكخراوی چینایەتی دەمێنێتەوە؟ ئەگەر ئەوە دروست بێ كە بە تەقاندنەوەی چەند بۆمب، سەرانی پلەبەزری بۆرژوازی بكەونە ترس و بیم، حزبێكی شۆرشگێر چ پێویستییەكی هەیە؟ كۆبونەوەكان، میتینگەكان ، هاندانی جەماوەری و چ پێویستییەكی هەیە، بەبروای ئێمە تیرۆری تاكەكەس بەوشێوەیەنەوە شیاوی قەبولّكردنە كە رۆلّی جەماوەرەكان لە هۆشیاریان كەم دەبی ئەهمییەت دەكا، ئەوان بێ هێزو لاوازدەكا و پێیان دەسەلمێنێت كە چاوی هیوایان ببرنە تۆلّەسەندنەوە رزگاری كەبەزویی خۆی دەردەخاو ئەوان لە كۆتی سەرمایەداری رزگاردەكا، لیگەرێن با پێغەمبەرانی ئانارشیست بە هەررادەیەك دەیانەوێ لەسەر كاریگەرییەكانی كردەوەی تیرۆریستی بۆ بردنە سەرێی هۆشیاری جەماوەر و هەلّخەتاندنی ئەوان چیرۆك بهۆننەوە ، ئەزمە سیاسییەكان و

تێبینیە تیۆریکییەکان پێچەوانەی ئەو باوەڕانەی سەلماندووە، بەهەر رادەیەك کردەوەی تیرۆریستی کاریگەری بێ، هەر بەو رادەیەش مەیل جەماوەر بەخۆ رێکخستن و خۆ بارهێنان کەم دەبێتەوە، هەمیش تەپوو تۆزی کردەوە تیرۆریستیەکان دادەمرکێ، ترس و نیگەرانی بۆرژوازی لەناو دەچێ، وەزیری بەقەتل گەیندراو جێگەی پڕ دەکرێتەوە، ژیانی پێشووتر درێژە، بەرەوتی خۆی دەدا و چەوساندنەوەی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە سەردۆخی خۆی، لەبەرامبەریشدا خەفەقاتی پۆلیسی پەرە دەستێنێ‌و بێشەرمانە کە درێژبە سەرکوتکردنی جەماوەردەدا، لەئاکامدا لەجیاتی هیوا ئاگرینەکان و جۆش و خرۆشە رواڵەتییەکان، بێ هیوایی خۆی دەردەخا، بەپێچەوانەی بۆچوونی ئانارشیستەکان ، دەوڵەتی سەرمایەداری لەهەر سەردەمێکدا نیشانیداوە کە ئامرازی سەرکوتکردن‌و نابودی فیزیکی ئەو بەهێزترە لە ئامرازی تیرۆریستی گروهە تیرۆریستیەکان، بەلام هەر ئەو دەوڵەتە ناتوانی دەست وپێی پرۆلیتاریا لە کۆمەڵگادا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ببەستێ، چونکە تەنەنان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریشدا پرۆلیتاریا چالاکتر، هەڵسوراوترو هۆشیارتر لەوەیە بکەوێتە دوای بۆرژوازییەوە.

> ئەرکی سۆسیال دیموکراسی ئەوەیەکە نەتەنیا ئاگری هەستی تۆڵەی پرۆلیتاریا خامۆش ناکەن، بەڵکوهەرچی زیاتر ئەوان بەگرتر و قوڵتر بهێڵنەوە

**خەباتی بە کۆمەڵ دژ بەسیستمی سەرمایەداری**

ئەگەر سەرمایەداری خاوەنی ئامرازی سەرکوتی بەهێزە کەوایە شۆڕش چی بەسەردێ؟ ئایا بەئاوا نیشانەیەکەوە شۆڕش نەگونجاو نییە؟ نەخێر بەهیچ شێوەیەك، چونکە شۆڕش تەنیا کۆمەڵێك لەئامرازی میکانیکی بەیەکەوە پەیوەندراو نییە، شۆڕش لە درێژەیی بەوپەڕگەیشتنی خەباتی چینایەتیدا خۆی دەردەخا و سەرکەوتنی تەنیا لەرێگای دەرگیری کۆمەلایەتی پرۆلیتاریا وە دەستەبەر دەبێ، مانگرتنی جەماوەریی سیاسی سەرهەڵدانی چەکدارانە دەستبەسەرداگرتنی هێزی دەوڵەتی هەموویان پەیوەندیان بەپلەی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان، هاورێژی هێزە چینایەتییەکان سەنگی کۆمەلایەتی پرۆلیتاریاو لەدوایشدا پێکهاتەی کۆمەلایەتی ئەرتەشەوە هەیە ، سۆسیال دیموکراتی نەك هەر گەشە و پەرەی شۆڕش پشتگوێ ئاخا ، بەڵکو بە چاوانی بەتەواوی کراوەوە بەپێشوازییەوە دەچێ، سۆسیال دیموکراتی ، لەخەباتی راستەوخۆ لە دژی ئانارشیستەکان ، هەموو ئەو ئامرازانەی کە بەشێوەی دروستکراو رواڵەتی خوازیاری رێنوێنی و گەشەی کۆمەڵگایە ،تەقینەوە جێگری نائامادەیی پرۆلیتاریا بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەلاتی دەوڵەتی دەکات، رادەگەیێنێ.

تیرۆریزم خۆی تا ئاستێکی شێوەی خەباتی سیاسی بەرێتەسەرێ، لەشێوەی کردەوە تاکەکەسی تۆڵەسێنەرانەدا خۆی دەردەخا، لەروسیاش زێدی کلاسیکی تیرۆریزم بەمشێوەیە بوو( وێراز ئێزۆلیچ) لەژێر کاریگەری قامچی خواردنی زیندانیانی سیاسی، رق و بێزاری جەماوەری

بەشێوەی قەسدی خراپ و گیانی ژێنێراڵ " تێرەیوو" نیشاندا، نمونە کاری ئەو لەسەردەمەکانی روناکبیرانی شۆڕشگێر کە لە پشتیوانی جەماوەری بێبەش، لاسایکراوە ، ئەوەیکە لەسەرەتادا بەشێوەی کردەوەیەکی تاکەکەس بێ بەرنامە و تۆڵەسێنەرەوانە هاتە گۆڕێ، لەپاش ماوەیەك لەساڵەکانی (1979–1981) بەشێوەیەی سیستمێکی گەشەکردووی کردەوە تێرۆیستییەکان خۆی دەرخست، شەپۆلی تێروانینەکانی ئانارشیستی لە ئەورووپای رۆژئاوا و ئەمریکای باکور هەمیشە لەدوای کردەوە بێ بەزەیانەکان لەلایەن دەوڵەتە بوژوازییەکان دژ بە جەماوەر بووە، دانەبەر دەستدرێژی مانگرتوان یا ئێعدامی نەیارانی سیاسی ، هەستی تولەسەندنەوە بەمەبەستی دۆزینەوەی دەروازەیەك و گەورەترین سەرچاوەی دەرونی تێرۆریزمە، پێویست بە بیرهێنانەوە ناکا سۆسیال دیموکراسی هیچ خاڵێك هاوبەشی لەگەڵ ئەو دەستەیەی کەبەر لە هەرکردەوەیەکی تێرۆریستی بەبەرخۆردی ئەخلاقی سەبارەت بە بەها رەهاکانی ئینسانی زۆر بێژی دەکەن نییە، ئەوان هەر ئەو کەسانەن کە لە هەلومەرجێکی تردا بەناوی بەها رەهاکانی تر ئامادەن کەبەمیلیۆنها ئینسان بکێشنە جەهەننەمی شەڕەوە، ئەمڕۆکە قارەمانی نەتەوەیی ئەو دەستەیە وەزیرێکە کە دەستوری دەسرێژە بەڕوی کرێکارانی بێ چەك دەردەکا( بەناوی مافی پیرۆزی خاوەندارێتی تایبەتی) و بەیانیش کاتێك دەستی نا هومێدی کرێکارانی بێکار دەبێتە متێکی گرێدراو، یا ئەوەیکە چەکێك لە زەوی هەڵدەگیردرێتەوە، پوچییەکانی هەمیشەیی خۆی، لەبابەت شیاوی قەبوڵی نەبونی توندییکردەوە ، تەجاوز بۆ سەرمافی کەسانی تر دەکەنە دروشم. لێگەرێ با هەرچی ریاکاران و ئەخلاقییەکان دەیانەوێ بیڵێن، گومانێك لەوەدا نییە کە هەستی تۆڵەسەندنەوە مافێکی واقعییە .

تۆڵەسەندنەوە نیشانەی ئەوەیە کە چینی کرێکار لەبابەت ئەوەیکە لەو جیهاندا دەگوزەرێ ناکەمتەرخەم نییە و ئەوەش دەبێ هۆی بەهێزبونی وزەی ئەو، ئەرکی سۆسیال دیموکراسی ئەوەیەکە نەتەنیا ئاگری هەستی تۆڵەی پرۆلیتاریا خامۆش ناکەن، بەڵکوهەرچی زیاتر ئەوان بەگرتر و قوڵتر بهێڵنەوە ، ئەو هەستانەش لە جهەتی سەرچاوە واقعی گشت بێ عەداڵەتییەکان و زوڵم و زۆرداری دژ بەئینسانەکان رێگەبکاتەوە، سۆسیال دیموکراسی بەم هۆیەوە دژ بە کردەوە تێرۆریستییەکان کە بەتۆڵەسەندنەوەی شەخسی تینوێتی ناشکێ، تەسویە حیسابکردن لەگەڵ هەمووسەرمایەداری گەلێك گرینگترە لەتەسویە حیسابکردن لەگەڵ خزمەتکارێکی سەرمایەدار بەناوی وەزیر، دەبێ، فێربین کە گشت چینایەتەکانی دژ بەئینسانییەت و هەموو سوکایەتییەکانی سەرجەستە و دروونی ئینسانەکان ئاکامی سیستمی کۆمەلایەتی سەردەمە، دەبێ فێربین کە هەمو هێزو توانای خۆمان لە بواری خەباتی گشتی دژبە سیستمی سەرمایەداری بەرەو پێش بەرین، لەبوارێکدا کە ئارەزوی ئاگرینی تۆڵە، باشترین شکڵی رەزایەتی ئەخلاقی دەبەخشێ .

**تێبینی:**

**ئەم بابەتە بۆیەکەمجار، سەرەتای سەدەی بیست ، لەبلاوکراوەی سۆسیال دیموکراتەکانی ئۆتریش " خەبات" لە ئۆتۆیش بەچاپ گەیشت، لەوسەردەمەدا کۆمۆنیستەکان خۆیان ناونابوو " سۆسیال دیموکرات"**

**سەرچاوە:**

**کتێبخانەی ئینتێرنێتی " جەوان"**